# شەوی یەڵدا



بەکر دەروێش

وابزانم دەورووبەری کاتژمێری دەی شەو بوو، بیرۆکەی ئەوەم بۆ هات کەوا داروباری کۆنی بەدەنم هەڵتەکێنم و مستەکۆڵەیەکیش بکێشم بە لەوسی دەرونما سا بەشکو ئەمە خوایە لە حەوت شرینی خەوبینینی ڕابێت! بەڵام گەڕانەوەی کتوپڕی باوکم بیرۆکەکەی هەڵپڕوکاندم، ناچار لەترسا لە سوچی نزیك پەنجەرەکە لەژێر هەندێك پەڕۆکۆنەو شڕوشیتاڵدا خۆمم مەڵاسدا، بە ئەندێشەو خەیاڵی بەیانییەکی ئاسودەو ئارام ئۆقرەم گرت، نیوەشەوێکی دڕەنگ باوکم زرم و کوت کەوتە وێزەی دەرگاکە، بەتەما نەبووم دەرگا بۆ هیچ کەسێك بکەمەوە، بۆیە بەوەوە خۆمم خلافان کەوا لێدانەکە تەنیا هەستکردنە بە لێدان و هیچی تر، وەلێ لەبەر ئەوەی دەرگاکە بە بزمار داکوترابوو بە دیوارەکەوە لەو بارووبووەدا نەبوو بتوانێ لە بەرامبەر ئەو هەموو لێدانەدا خۆی ڕاگرێ یەکسەر هەرەسی هێناو بە پشتا کەوت، زرمەیەکی گەورەو گران و تەپوتۆزێکی چڕوخەستی لە چەقی ژوورەکەدا هەڵسان، لەگەڵ کەوتنیدا سێبەرەکەی باوکم بە پانوپۆڕی هاتە ژوورەوە، هەر کە ئەو هاتە ژوورەوە من لە

پەنجەرەکەوە بۆی دەرکەوتم و ڕامکرد ( کاتێك باوك بێت جێگای کوڕ نامێنێ ) سەرەتا بەرەو سەری کۆڵانەکە هەڵاتم، وەڵی لەوێ تووشی دوو پۆلیس بووم تێیان خوڕیم: کوڕە کێی ڕاوەستە؟ گورج پاشەوپاش بەرەو لای کەلاوەکان گەڕامەوەو لەوێندەرێ کونی ئاوەڕۆیەکم دیتەوەو خۆمم تێدا شاردەوە، قەدەرێ هەستم ڕاگرت هیچ حسێ نەبوو، لەبەر خۆمەوە لەژێر تیشکی گلۆپێکی تەلخدا دەستم کرد بە لێکدانەوەی مەسەلەی ئەم خەوبینینە، لەپڕ دیسان گوێم لە دەنگی باوکم بوو لە حەسحەسەکانی پرسی: ئەرێ ئەو ڕەسەن مەیمونەتان نەبینی؟ ئەوانیش گوتیان: بەرەوەلا بینیمان بەرەو لای کەلاوەکان ڕایکرد! باوکم هەر لە جێگای خۆیەوە بە دەنگێکی نێرانەو بوێرانە بانگێ دوانی کردم، لە ترسی نەڕەی باوکم ئەو چەند ئایەتە قورئانەی هەر لە منالییەوە لەلای مەلا سدیق لەبەرم کردبوو بۆ تەنگانەیەکی ئاوام هەڵگرتبوو خوێندمەوەو قەدەرێکی تر خۆمم کڕکرد. باوکم دەنگی نەما، یا پشە پاپشە؟ لە ئاوبارەکە هاتمەدەر، شەوێکی زۆر تاریك و نوتەك و سارد بوو، پڕشە پڕشە بارانیش بوو، نازانم گوێم لێ بوو یان هەستم کرد یەکێك لە پۆلیسەکان دەیگوت: تۆ سەیرکە چۆن بە ئاسانی لەدەستمان دەرچوو؟ هاوڕێکەشی کە وابزانم خەریکی لەف پێچانەوە بوو، بە دەنگێکی منگنەوە وتی: مەترسە خۆی دەگەڕێتەوە، ئەو ڕەسەن مەیمونە بۆ کوێ دەچێ؟ کە ناوی مەیمونی هێنا دڵم داخوڕپا، خۆشم نەمدەزانی لەو شەوە ساردەدا چی ڕوودەدات؟ باشە مەیمونێکی گەڕی وەك من ئەوەندە دەهێنێ بەم شەوە بەدوایدا بگەڕێیت و خۆتی پێوە ماندوو کەیت؟ بەبن دیواری حەوشەکەی ماڵی حاجی کەریمدا خۆمم گەیاندەوە بەر دەرگای ماڵی خۆمان، لەوەدا بووم لە ئاوبارەکەوە بچمە حەوشەوە، بۆنێکی تیژو خەست بەو نیوەشەوە بەرەو مەڵبەندێکی زێدو غوباب پەلکێشی کردم، بۆنەکە لەلایەکەوە لە بۆنی ژنێکی ئالۆش دەچوو، لەلایەکی تریشەوە لە بۆنی چێشتێکی بەتام و لەزەت، ئەم دوانەش بۆ منی برسی یەك شتن، بەرەو لای پیرە بۆن تێمتەقان، بەدەم ڕۆیشتن و بیرکردنەوەوە کەوتمە چاڵە زبڵێکەوە، سەرم کێشای بە لێواری چاڵەکەداو تەقەیەکی لێوەهات، تاق ق ق ق.. هیچ هەستم بە ئازار نەکرد، مەیمونێکی بێ هەست و نەستم، ئێستا هەست بە ئازاری هیچ ڕوداوێك ناکەم، ئەمەش یەکێکە لەو دەیان خووە مەیمونییانەم کە لە یەکەم شەوی ڕاونانمەوە لەلایەن باوکمەوە فێریان بووم، ماوەیەك پێش لە ئێستا بوو، شەوێك نازانم لەسەر چی بوو لەگەڵ باوکمدا بوو بە مشتومڕمان، قسەکانمی بە دڵ نەبوو، پەلاماری گۆچانەکەی داو ویستی دارکاریمکات، منیش لە ترسانا بەرەو لای قەسابخانەکەی پشت گەڕەکی سەدە هەڵهاتم، لەوێ کۆمەڵێ قەساب و دوو سێ پۆلیس بەدیار گایەکەوە داچۆڕابوون، خەریکی سەربڕینی بوون، ڕێك لەو کاتەدا کە ئەوان دەیانویست سەرییبڕن دەنگی تەقەیەك لەوسەری شارەوە هات، یەکێ لە پۆلیسەکان هاواری کرد: کێ لەوێیە خەبەردار؟ لە گەمژەیی ئەو پۆلیسە پێکەنین گرتمی و گوتم : ئێمە لێرەین دار بەدار! کە وام وت هات توند قۆڵی گرتم و بە توڕەییەوە وتی: تۆزێ ئاقڵبە من پۆلیسم و لە خزمەتی گەلدام، چۆن گاڵتەم پێدەکەی؟ لەترسا ڕەنگم زەرد بووەوەو وتم: ببورە بەڵێن بێت جارێکی تر کاری وانەکەم! حەزمدەکرد بگەڕێمەوە ژوورەکەم، چونکە هێندە بەدوای ئەو بۆنەدا گەڕابووم زۆر شەکەت و ماندوو بووبووم، هیچیشم گیر نەبووبوو، کەچی سێبەرەکەی باوکم هەمیشە بەدوامەوە بوو هەڕەشەی لێ دەکردم. لە ڕاستیدا فێرە خوویەکی سەیر بووم، ئەگەر ڕۆژێ باوکم ڕاوم نەنێت ئیسراحەت ناکەم؟ لە کۆکەو دەنگی باوکم ئەترسم و موچوڕکە دەمگرێ، فێریش بووم هەمیشە بەهانە بۆ ترسنۆکییەکەم بهێنمەوە، لەم بەهانە هێنانەوەیەشم چێژ وەردەگرم، هەست بە خۆشی دەکەم، هەر لەو دەورووبەرە زەنگی دەرگای حەوشەکەمان لێیدا، دەستم خستە گیرفانەکانمەوەو خۆمم دا بەسەر گۆپاڵی هیممەتداو چووم دەرگاکە بکەمەوە، باوکم وتی: ڕاوەسە خۆم ئەیکەمەوە؟ کە باوکم دەرگاکەی کردەوە بۆنی ژنێکی ئاشنام هات بە لووتمدا. باوکم دوای ئحم ئحمێ، دوان قوڕگی پاککردەوەو وتی: ها وەم نیوە شەوە چیت گەرەکە؟ ژنەکە بۆڵەیەك، دوانی کرد، نەمزانی وتی چی. باوکم وتی: لە ماڵ نییە چووەتە مێوانی. لە قسەکەی باوکم سەرم سوڕما، تۆزێ ڕامام، بیرم هاتەوە کە ئەمشەو لەگەڵ ئەو ژنە سۆزانییەدا ژوانم هەیە، بۆیە بە پەلە لە پێچ دەرگاکەوە دەرپەڕیمە دەرەوە، وەڵی باوکم لە بەردەرگاکەدا پێیەکی نا بە کلکمداو نووساندمی بە زەوییەکەوەو وتی: بتۆپە ئەی مەیمونی مەلعون، خەو بینینت بەس نییە هەر ئەوەت ماوە دوای ژنە پاشۆڵدارەکان بکەفی؟ لە ژێر پێیەوە وتم: جا چیی تێدایە، من

هەولێکە بۆ دۆزینەوەی خۆم دەیدەم؟ باوکم بە پاژنەی قۆندەرەکەی بە یەکجاری تلیقاندمییەوەو جیفڵقاوی دەرکردم، ئەو شەوە تا بەیانی بە هەزار سەگمەری ئێسك و پروسکی خۆمم کۆکردەوە. دەمەو بەیان دەستی خۆمم گەیاندە بڵندگۆی مزگەوتەکەی لای ماڵی خۆمان و بانگەوازم کرد: ئەی ئەشرافان و پیاوماقولانی شاری دوزخورماتوو، هەستنەوەو لە کۆشکەکانتان بێنەدەر، کاتی ئەوە هاتووە سەری ئەم شۆستانە بە گوڵی سووری ئەرخەوان بنەخشێنین. کەچی هەروەك ئەوەی من سەگێکی بەرەڵابم و لەسەر میحرابی زبڵدانێك بوەرم، لەجیاتی ئەوەی کەسێك بەدەنگمەوە بێت پۆلیسێك هات و ملیوانی قەمیسەکەمی گرت و دامی بە زەویداو وتی : ئەی گەرو گول، مەیمونی پیس، دەمدرێژیت گەیشتە ئەو رادەیەی ئاوا لەگەڵ پیاوماقولاندا قسە بکەی؟ من قسەیەکەو بۆ خۆم ئەیکەم ئیتر تۆ هەقت چییە بەسەرمەوە؟ کەوام وت، قۆنداغە تفەنگێکی کێشا بە کاجێرما دوو کاکیلەمی شکان، خوێن بە دەم و لەوسما هاتەخوار، لە حەژمەتا دەستم کرد بە قوزە قورزو نوزانەوە، تا ئێرە نیوەی خەونەکەم بوو، من دایکم ئاوا پەروەردەی کردووم، بەڵام باوکم بەمە رازی نییە، ئەو لە پەروەردەکردنمدا زۆر توندو تیژە، هەمیشە ئەڵێ: منداڵەکانم کزەی جەرگمن، لە شەری شەیتانی لەعین ئەیانپارێزم، ئێستا وابزانم سەعات دەو شتێکە، لەشکری تاریکی شەو چوار کەنارەی شاری گرتووە، کورم ئەوێ بوێرێ لە ماڵ بچێتەدەر، دوای دوو سەعات چشتێ کەم نیوە شەوە، من ئێستا چاوەرێمە لە دەرگای ژوورەکەم بدرێ، دایکم بە تەوەقێ نان و خواردنەوە بێتە ژوورەوە، تا ئەویش دێتە ژوورەوە با دەسکەینەوە بە گێرانەوەی خەوەکەمان، لە راستیدا ئەم خەوە ئەمە پازدە ساڵە دەیبینم، هەر شەوێکیش وەك زنجیرەی تەلەویزۆنی هەڵقەیەکی لێ دەبینم، ئەم خەونە ناوی "مەیمونێك خەو بە شەوی یەڵداوە دەبینێ". هەموو شەوێکیش لە نزیك کاتژمێری دەی شەوەوە دەستپێدەکات و دەمەو شەبەق کۆتایی دێت، بەڵام زۆرجار باوکم خۆی ئەکوتێتە نێو خەوەکەمەوەو لێمی ئەشێوێنێ و ئەبێتە چارەنووسسازم، ئەو بە بەهانەی باوکایەتی هەموو شەوێك کۆڵم لێ ئەگرێ، بزانە من خەوی چی ئەبینم، بەمەش بێزاری کردووم، ئەم خۆهەڵقورتاندنەی باوکم لە ژیانما سەری لێ شێواندووم، باوکم رێگام نادات بە ئازادی خەون ببینم، بە دەنگە گرز گرزو نێرانەکەی ئەنەرێنێ بەسەرما و ئەڵێ: خەوبینین پیاو فەساد دەکات، پیاوی ئاقڵ خەو بە شتی پرت و پیسەوە نابینێ! ئێ باشە تۆ هەقت چییە من خەو بە شتی پرت و پیسەوە ئەبینم، نابینم ئەمە کێشەی خۆمە؟ ئاقڵبەو بزانە چۆن قسە ئەکەی، من باوکتم، بنیادەمی گران و سەلار خەو بە شتی پاك و تەمیزەوە ئەبینێ نەك بە سۆزانییەوە؟! باشە باشە لە تەمێ و تەسکێکانت جارس بووم، ئەگەر باوکمی شتێکم بۆ پەیداکە بیخۆم وا لە برسانا مردم، لە راستیدا خۆیشم لە خەونەکانم بێزار بووم، ئەم خەونانە لە باوکم زیاتر بە هیچ شوێنێکم ناگەیەنن، برۆ برۆ دەستنوێژ بگرە مەشکەی گەناو، تۆ مێشکت تێکچووە! باوکە تۆ بەم قسانەت ئیهانەم دەکەی، نەك ئەو خاڵانەم بۆ دەسنیشان کەیت کە وایان لێ کردووم خەو بە سۆزانییەکانەوە ببینم، فلتە فلت وەك قورباقە هەر چیقە چیقتە، خەوی چی و تەرەماشی چی، هەڵسە برۆ مەسینەو دەستشۆرەکەم بۆ بێرە با دەستنوێژێ بگرم، بە دایکتیش بێژە با قۆندەرەکانم بۆ حازرکات، ئەتوەم بۆ سەر مەرقەدەکەی پیرخدری شاهۆ، ئەمە نەگبەتییە یەقەی منی گرتووە! نایەم! چی؟ نایەی؟ کوتەك ئەزانێ قۆناغ ها لەکوێ، وەڵا جوانە نایەت وەك کوری عالەم دینارو دۆلاری بۆم پەیاکردووە، هێشتا ئەو ئێژێ نایەم؟ لەسەر خەزنەکەی پیری پیران باوکم سێ بەردی خری لەسەر یەك دانا، ئینجا پەنجە توتەی خستە سەر ئەوەی سەرەوەیان و بستی قارگرت، بەردەکان دوو سێ سوریان خوارد. باوکم گەشکەو بزەی هاتێ، ئینجا هەندێ سەوزی موفەرەکی بەست بە مەچەکی منەوەو گەراینەوە. شەوێك بوو لە شەوان، چاو چاوی نەئەبینی، بەدوای باوکمدا تەتەڵە پێم بوو، کە گەیشتینەوە سەر کۆڵانەکەی ماڵی خۆمان پۆلیسەکان تێمانیان خوری: کیمندر؟ باوکم وتی: قۆمیسەر ئەفەندی بزمکیدو، حاجی عەبدوڵڵا سانیدو؟ ئۆغلانەکە نەجە ئۆڵدو؟ وەڵاهی ئەلحەمیلا ئیندو بیکەز ئەیدو! ئەی ئۆڵو ئەی ئۆڵو ئینشەڵا ..؟ لە تەهی هەناوەوە بە باوکم و پۆلیسەکان پێکەنینم دەهات و لە دڵی خۆما ئەموت: ئێوە واتان لێم کرد، هێندە ترسانمتان و تۆقانمتان تا ئاوا بوومە ئەم مەیمونە، ئێستاش ئەتانەوێ بە دوعاو نوشتە چاکمکەن؟ دایکم لەبەر دەرگا چاوەرێمان بوو، باوکم دەستی لەسەر مشتووی خەنجەرەکەی بوو، منیشی وەك سەگێکی ریسکراو بەدوای خۆیا رادەکێشا. دایکم وتی: حاجی قەرە چۆنە

(قەرە ناوی منە) باوکم فزەی نەکرد هەروەك ئەوەی دایکم مانگایەك بێت و بۆ گۆلکەکەی بقۆڕێنێ، پرسیارەکەی لەپێ کرد. بردمیانە ژوورەکەی خۆم، بەستمیان بە پەنجەرەکەوە. ئەوەی سەر لە ئێوارە لێیەوە هەلهاتم، وابزانم سەعات دەوروبەری دەی شەو بوو دیسان دەستمکردەوە بە خەو بینین، ئەوەنەم زانی باوکم بە گۆچانەکەیەوە خۆی کرد بە ژووراو کەوتە وێزەم، دایکم نەبووایە شیرەو چەوتەی عومری دەگرتمەوە. خوێری کوڕی خوێری سالحان بووایەیت وات لێنەئەهات، وەلاهی تەلاهی سەرت ئەبڕم، کوڕی شێت و شورم بۆ چییە؟ ئەمە موسیبەتە خوا تووشی منی کردووە، بزانە وەك منالی خەلك لە جیاتی ئەوەی کارێ کاسبییەك بکات فێری ئەفعالی خەوبینین بووە، چ خەونێکیش خەو بە باخەلی سۆزانییەوە. کەوتبوومە پەلەوازێ، چووبووم بە خزی خەنینەدا، باوکم ئەیوت: سوبحانەلا ئافرەت ئەمە موسیبەتە.. موسیبەت. وەلاهی گشتی خراوەی خۆمانە، بابە عالەمەکە لە دین و ئیمان لایداوە، ئەمە جەزای خراوەی خۆمانە ئاوامان لێهاتووە؟ باوکم بەو شەوە جوتێ کاوڕە نێری دا بە زەویداو کردنییە مەولودی، هەر بەو نیوە شەوەش گۆشتەکەی بەسەر هاوسێکاندا دابەشکرد. گوێم لێ بوو پورە ڕەحمەی هاوسێمان ئەیوت: ئەی مالتان ئاوا بێت، خوا هەزار خێری ئاواتان بۆ بنێرێ، خۆ ئەگەر شتێکی وا نەبێت حاجی عەولا پنجرێ گۆشت نانێ وەسەر قەوری باوکییەوە. باوکم کە گوێی لە قسەکەی پورە ڕەحمە بوو تورە بوو وتی: دەسەیرکە سەیر! ئاخر من ئەگەر کوڕی خوێری ئاوام پێنەکا، مالی خۆم ئەدەم بە قەحپەی وا؟ لە جیاتی ئەوەی دوعایەکی خێرمان بۆ بکات خوا ڕەحمێ لەم منالە بکات، دوعای موسیبەتی زیاترمان بۆ ئەکا ئەم کۆنە گاندەرە. بە دل و گیان لەگەل پورە ڕەحمەدا بووم، حەزم ئەکرد بەرەلامکەن، تا وەك هەموو مەیمونە گەرەکانی شار، بڕۆم بخزێمە نێو باخەلێکی تەڕو تازەوە، لەسەر سینەو مەمکی ئافرەتێکی لەشفرۆش وەك مار کەپەرە بدەم، ژنێك لاشەی وەك پشتوێن لە خۆم بهالێنم، ڕووت و قووتی کەمەوە، بە ئارەزووی خۆم دەست بهێنم بە بەرۆکیدا، بە جووت هەلپەڕین، گوێ لە حەزو ئارەزووەکانی یەکتر بگرین، ئەو ژنەی کە کاتی خۆی باپیریشم وەك ئێستای من خەونی پێوە بینیوە، بەدەم ئەم سێ و دووەی خۆمەوە چاوم چووە خەو، ئەوەندەم زانی باپیرم خۆی کرد بە ژووراو بە هێواشی زنجیرەکەی دەستی کردمەوەو وتی: زووکە با بڕۆین مەوەستە. بێ ماتەلبوون لە حەوشەوە دەرکەوتین، شەوەکانی پێشوویش جاروبار باپیرەم ئەبینییە خەو، پێکەوە دادەنیشتین و قسەو باسمان دەکرد، باسی زۆر شتی بۆ دەکردم، کە کاتی خۆی بە چ جۆرێك لە ژیان تێگەیشتووە، چۆن بە قسەی ئەم و ئەو خۆی لە زۆر شت بێبەشکردووە، بۆیە ئێستا وا ئەزانێ من دۆناودۆنی ئەوم، ئەیوت: نەخەلەتێی خۆت لە هیچ شتێك بێبەشکەی، ژیان یەکجارە. کە گەیشتینێ دەرگای حەوشەی ژنەکەی بۆ کردمەوەو وتی: خێراکە بڕۆ ئێستا چاوەڕێتە. کە چوومە ژوورەوە بۆ لای سۆزانییەکە، باپیرەم لە پشتی پەنجەرەکەوە تەماشامی دەکرد، کە من لەگەل ژنەکەدا بە ڕووت و قووتی لە چەقی ژوورەکەدا دروست دەبوومەوەو دەکەوتینە تەپاوتل، ئەو خێرا خێرا لیکی ئەتکا. کە منی ئەبینی وەك ئەسپێکی تۆڕ بەسەر گازەراو کاکۆلی ئەو ماینە کەحێلەیەدا تەکان دەدەم و خۆم ڕادەوەشێنم، ئەویش وەك من ڕێگای ژیانی جەستەی دەگرتەبەر، کە تەواو ماندوودەبووین و لە یەك دەبووینەوە، وەك دوو سەرخۆش هەریەکێ لە سوچێکا لێی دەکەوتین، باپیرەم لە حەوشەدا سمکۆلانی دەکرد، ئێمە تاقەتی هیچ شتێکمان تێدا نەمابوو، ژوورەکە پڕ بووبوو لە بۆنی کرمەژنێك و کوڕە هەرزەکارێکی وەڕس و جارس، بۆنی چێژو لەزەت دارو دیواری ئەو ناوەی لەوتاندبوو، ئەو ژنەش وەك من موریدی حەزو ویستی جەستەی بوو. دوای ئەو قیامەتە باپیرەم دەستی گرتم، وەك سەرخۆشێك هاویشتمیە پشتی خۆی و ئەسپەشێی بەرەو مال تێیتەقان. لە چاوەکانی باپیرەما بزەی سەرکەوتنێکی ڕوونم ئەخوێندەوە. ئەو هەستی دەکرد ئەوەی من دەیکەم خۆی دەیکات، هێندە بە ئارامییەوە مامەلەی دەکردم، دەتگوت من منالێکی ساوام نەك کوڕێکی هەرزەکار. هەر کە گەیشتینە مالەوەش لەگەنێ گەورەی پڕ لە قاورمەی بۆ هێنام، وابزانم لە گۆشتی بەرخە مەولوودییەکانی باوکم بوو، دوایش کە نانم خوارد گەرم داپۆشیم و خەواندمی، کە بەئاگا هاتم، هاوارمکرد: باپیرە مەڕۆ بەتەنیا جێم مەهێلە فریامکەوە، باپیرە وەرە کوڕەزاکەت ببینە!. باوکم و دایکم بە جووت ڕایانکردو گلۆپەکەیان داگیرسان، بە جووت وتیان: دیسان پەرکەمەکە گرتییەوە، یا حەزرەتی غەوز هاوارە. خێرا بەرخێکی تریان دا بەزەویدا، بەلام بێسوود بوو، من هەر

خەوی خۆمم دەبینی و هاوارم دەکرد، باپیرە مەڕۆ جێم مەهێڵە، باپیرە جێم مەهێڵە. حەزم نەئەکرد دایك و باوکم ببینم لە چارەیان وەڕس و بێزار بووبووم، حەزم ئەکرد بە دوای خۆما بگەڕێم، قێزم لە دەنگوباس و خەڵك و وڵات و خوورەوشت و ئەرزو ئاسمان ئەبووەوە. حەزم لە هاوڕێتی سالوك و لانەوازو سۆزانییەکان ئەکرد. هەمیشە لە ناخی خۆما گاڵتەو مەزاقم بە قسەکانی باوکم و جەنابی قۆمیسەر ئەفەنی ئەهات، بەڵام لەگەڵ باپیرەما زۆر جووت بووین، ئەیوت: تۆ دۆناودۆنی منی. لەسەرەنی ئەمەشەوە بوو کە مام فارس وتبووی: برای خۆم خێڵی کاکەولا ئەم شێتییە ها لە کوانویانا، ئەی ئەوە خولەی باپیریان نەبوو شێت بوو، ئەمانیش نەوەی ئەون. سەعات دە زەنگی گشت کلێساکان لێدراو لە بڵندگۆکانەوە ڕاگەیەندرا کە ئەمشەو شەوی یەلدایەو جەژنی گشت هەڵەگەڕو لانەوازو بێدەرەتان و شێتوشورەکانی شارە. لەم کاتەدا یەکێك دەرگای ژوورەکەمی کردەوەو نوکە پێیەکی ژەنی پێمەوەو وتی: هەستە زەنگی شەوی یەلدا لێیدا، هاوڕێکانت چاوەڕێی تۆیانە بچیت خەونەکەتیان بۆ بگێڕیتەوە. بەدەم باوێشك و وەنەوزەوە سەیرێکی سەعاتەکەم کرد، وابزانم دەوری دەو نیوی شەو بوو. کڵاشە چەکەکانم لەپێکردو بەرەو مەیدانی لانەوازان کەوتمەڕێ. قەدەرێ ڕۆیشتم، سەیرمکرد باوکم و چوار پۆلیس لەلاوە هاتن بۆ مەیدانەکە ئەچن، خۆمم لە سوچێکا شاردەوە، گوێم لێ بوو باوکم بە پۆلیسەکانی ئەوت: زووکەن بیگرن با ئەم خەونە قۆڕەیان بۆ نەگێڕێتەوە، ئەگینا ئەو حەمکە هەڵگەڕو مەیمون و سالوکە ئەونە دەروێش و موریدی، ئەوسا نە بە ئێوەو نە بە من چارە ئەکرێت. ئەمانە ئەگەر بوونە یەك ئەونە جێشێك، ئەوجا بە دەوڵەتێکیش چارەسەر ناکرێن. کە لە من تێپەڕین، زوو خۆمم گەیاندە گۆڕەپانەکەو یەکسەر دەستم کرد بە گێڕانەوەی خەونەکەم و وتم: هاوڕێیان، دەروێشان، من عادەتێکم هەیە هەر کە بمەوێ خەونێك بگێڕمەوە کۆمەڵێ شتی تریش لە ناخمەوە پاڵم پێوە دەنێن بۆ ئەوەی بیاندرکێنم، خۆشم نازانم ئەم هەموو شتە چۆن ئاوا لە ناخما کۆبوونەتەوەو منیش بێدەسەڵاتانە تێیاندا وڕێنە دەکەم؟ ساڵانێکی دوورو درێژە من لەگەڵ ئەم شتانەدا دەژیم، بۆ هەر شوێنێك دەچم لەگەڵمدان و بە هیچ جۆرێك لێم نابنەوە، دەرۆم و لەبەر خۆمەوە بە دزیی باوکمەوە دەیانڵێمەوە. وابزانم ئەمانە بەشێکن لە یادگاری ئەو حەزە مردووانەمان، کە تا ئەمڕۆش لە دڵمانا ماون؟ هەڵدێم، خۆمیان لێ ئەشارمەوە، بەڵام بێسوودەو لێم نابنەوە. ئەی موریدان لەم دنیایەدا پیاو ئەتوانێ لە دەستی زۆر شت هەڵبێت و خۆی بشارێتەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە بتوانێ لە دەستی دەروونی خۆی هەڵبێت و خۆی لێ بشارێتەوە. من کە لە دەست دەروونی خۆم هەڵدێم و ڕائەکەم، هەزاران گاوخان دەرۆم، بەڵام هەر کە دێمەوەو نایەمەوە، ئەم شتانە لە دەروونما بە پێکەنین و تیزوگەوزەوە بە چەپڵەڕێزان دێن بە پیریمەوە، من هێشتا لە دەروونمدا ئەسکڵی ئەو حەزە کۆنەیە هەر ئەسوتێ. ئاوها قەڵەمەکەم هەڵئەگرم و وەك عادەتێك دەیخەمەوە گیرفانم، بەو هیوایەی لە کاتێکی تردا بگەڕێمەوە سەریان و گێڕانەوەکەیان تەواوکەم، خۆشم نازانم ئەم خووە چییە گرتووەمە؟ هەڵەگەڕێك لەنێو حەشامەتەکەوە هاواری کردو وتی: کورە بابە ئەوە بەس عادەتی تۆ نییە، ئەوە عادەتی گشتمانە! پرسیم: چۆن؟ وتی: چۆنی چی باش؟ ئەی تۆ نازانی ئێمەش هەمان خومان گرتووەو هەمیشە بەم عادەتەوە خەریکین، هەموو جارێ قەڵەمەکانمان لە گیرفانمان دەرئەهێنین تا شتێ بنووسین، کەچی گشت شتە شاراوەکانی نێو ناخمان پاڵمان پێوە ئەنێن بۆ ئەوەی بیاندرکێنین، بەڵام ئێمە هەمیشە دەیانشارینەوەو جورئەت ناکەین بیاندرکێنین؟ منیش وتم کەوا بوو ...؟ باوکم لەنێو خەڵکەکەوە هاواری کردو قسەکەی پێ بریم و وتی: یان کوڕی من نیت، یان ئەبێ ئەم خووە تەرك دەی و زاتی ئەوە بکەی بڵێی ئەمە عادەتێکی قۆڕەو لە ڕەوشتی بنەماڵەی ئێمەوە دوورە، تۆ تەنیا ئەم خووەشت نییە بەڵکو کۆمەڵێ خوی تریشت هەیە باسی ناکەی. تۆ شەوان کە نوێنەکەت بەجێ ئەهێڵی بۆ کوێ ئەچی؟ هەستم کرد باوکم بەم پرسیارەی دەیەوێ لەبەر چاوی ئەو خەڵکە ڕیسوامکات، بۆیە قەدەرێ ڕامام، بیرم کردەوە ئیتر هیچ بواری تیا نەما، چەند قسەیەك هەیە دەبێ بە باوکمی بڵێم، بۆیە رووم لێکردو وتم: باوکە تۆ ئەتەوێ بەو خەڵکە بڵێی من لەگەڵ ژنە سۆزانییەکاندا دەستم تێکەڵ کردووەو هەموو شەوێك لە باخەڵی ئەواندا ئەخەوم؟ باوکم وتی: حاشا من باوکی تۆ نیم، ئێمە لە بنەماڵەیەکی سەیدین، هەزار ساڵە خەڵك بۆ تەبەرك دەستمان ماچ ئەکەن، هێشتا هەڵەگەڕی وەك تۆمان تیا هەڵنەکەوتووە؟ منیش وتم: ئەی تۆ نازانی من گومانم لە یەکسانیی چەرخی من و تۆ هەیە؟ من

سوێند بە سوخمەی کچە قەیرانییەکان ئەخۆم و تۆش بە سەوزەکەی خدری زیندە، من بە ماچی ژنێکی رەشتاڵەو تۆش بە کەشیدەکەی حاجی رەحمانی بەزاز، من لە میحرابی دڵی خۆما خەو بە باخەڵی سۆزانییەکانەوە ئەبینم، تۆش لە میحرابی دڵی خۆتا خەو بە بەهەشتەوە ئەبینی، من ئەم هەموو دەمانە لە چاوی ژنێکی چاوباشقاڵدا پێکی خۆشەویستی ئەخۆمەوە، تۆش لە کۆڕی زیکری دەروێشانا پێکی زیکرو تەلیلە ئەخۆیتەوە. لە مەیدانەکەدا ئاگرێکی زل و زەبەلاح کرابووەوە، ئەو ناوەی کردبوو بە چراخان، سەدان هەڵەگەرو لانەوازو بێدەرەتان لە چواردەوری هەڵپەڕکێ و حایوحویان بوو. نێڵی ئاگرەکە لەسەر رومەتی باوکم کۆمەڵێ خەتی شاش و پاشی کێشا بوو، لەوە ئەچوو خۆی بۆ مشتومڕێکی درێژتر ئامادەبکا؟ لەنێو خەڵکەکەوە سالوکێك خۆی هەڵدایە سەر سەکۆی مەیدانەکەو وتی: سەید گیان باوکت لەملاو لەولا گلەیت لێ دەکاو دەڵێ کورەکەم لە ڕێگای تەریقەت لایداوەو نایەتە کۆڕی زیکرو تەلیلە؟ منیش وتم: هاوڕێ منێك جەستەم شەقارشەقار بێت و کلیلی ویست و ئارەزووەکانیشم لە گیرفانی باوکمدا بێت، ئیتر بۆ لە ئەڵقەی مەجلیسی سەمای سۆزانییەکاندا زیکرو تەلیلەی خۆم نەکەم؟ منێك بوو سەپکێکی ڕەق و تەق هەزار کوچی کوچیم پێبکرێ، ئیتر بۆ بە دەنگی پێی سۆزانییەك گەشکە نەمگرێ؟ لە مەیدانەکەدا بوو بە هاوارو هەرایەك دەیانگوت مەڵێ من بڵێ ئێمە بڵێ ئێمە، سا هاوڕێ ئێمەیەك بۆ پاروویەك نان بە دوای ترۆمبیلی خێرەومەنداندا چوار ناڵە غاردەین، ئیتر بۆ شورەییە ئەگەر سوژدە بۆ ژنانی لەشفرۆش ببەین؟ ئێمەیەك لە ماڵی خۆماندا میوان بین و هەناومان وەك ڕۆژەکانی ژیانمان خوێناوی بێت، ئێمەیەك هەزار ساڵە وەك قابیل لاشەی برا کوژراوەکانمان بە کۆڵمانەوە بێت و لەپێك زەویمان نەبێت تێیدا بیانشارینەوە، ئیتر بۆ شورەییە ئەگەر لە ژنە مەکربازەکان و کچە مەمك قیتەکان بۆ ماچێك بپاڕێینەوە؟ ئەی باوکی شیرینم، ئەی باوکی دڵڕەق و یەکبینم؟ ئەی باوکی بە رەحم و بە باوەڕم، ئەی باوکی دلسۆزو بە ئیمانم، لە هەمووی خۆشتر تۆ تاکو ئێستا بە هەموو فاك و فیکێکی کوڕە ساڵحانەکەتت نەزانیوە، کەوا چۆن ڕۆژانە بەری دار هەنجیرەکانت ئەگۆڕێتەوە بە لەپێ ئاوەڵ کراسی کچانی شەبەقی؟ تۆ تازە بە تازە شوێن پێی من هەڵئەکەی و لە گیرفانی کراسەکەما گوزگی و شانە ئەدۆزیتەوە، تیکەی ئالاو والا ئەدۆزیتەوە، مێخەك و عەتری ژنانە ئەدۆزیتەوە، دەستەسڕی خامەك و چەورە ئەدۆزیتەوە؟ حەشامەتەکە نەیانهێشت باقی قسەکانم تەواو کەم، کردیان بە چەپڵەلێدان و فیکەکردن. بۆرە پیاوێکی لەڕولاوات خۆی گەیاندە بڵندگۆکەو هاواری کرد: ئێمەیەك سەر شۆستەکان ماڵمان بێت، بەردەرگای مزگەوتەکان شوێنی خەوتنمان بێت، تەوێڵمان شوێن خەرمانی تفی هەرچی و پەرچییەکان بێت، ئیتر بۆ شورەییە ئەگەر لە پێناوی ماچی ژنێکی فاڵچیدا بمرین؟ ئێمەیەك سواڵکردن پیشەمان بێت و مردن تاجی سەرمان بێت، قسەی ئاخوندێك تەسکەرەی دین و دنیامان بێت ، ئیتر بۆ شورەییە ئەگەر لە شەڕی شەوباخەڵی ژنێکی تەڕپۆشدا بمرین.. ها؟ لە جێگاکەی خۆمەوە هاوارمکرد: ئەی دەروێشان، ئەی هاوڕێیان، وەرن با ئەمشەو لە حزوری باوکمدا خەونەکەمتان بۆ بگێرمەوە، باوکە تۆش وەرە بە خەنجەرە دەبانەکەت سەرمببرە. من لە مردن ناترسم نەهەنگێکە هەر لوشم دەکات، بەڵام دەمەوێ پێش لە مردنم پێت بڵێم: ئێمەیەك کە نەتوانین لە مردن ڕابکەین ئیتر بۆ لێی بترسین؟ من وا دەست لە کەمەری دنیایەکی لە خۆم پیرتر گیردەکەم، خۆ دەست لە کەمەری کچێکی چواردەساڵ گیر دەکەم باشتر نییە؟ من وا... باوکم قسەکەی پێ بڕیم و گوتی: قسەکانت بێسوودە ئەی کوڕی نەفرەتلێکراوم، ئەی پەروەردەی نێو باوەشی سۆزانییەکان، هەر ئەمشەو شاربەدەر ئەکرێیت و ئەدرێیتە بەر دەستڕێژی نەعلەت، ئەی خوێڕیی بەر دەرگای قەحپەخانەکانی ئەستەموڵ! ئەی باوکی وەفادارو دیندارم، بە خووتوخۆڕایی کوڕە تاقانەکەت ناڵەتبار دەکەی! کە من قسەم دەکرد باوکم بە پەیژەکەدا سەرکەوت بۆ سەر سەکۆی مەیدانەکەو بەدەم ڕێکردنیشەوە ئەیوت: ئەوەی بیەوێ سەرکەوێ ئەبێ پەیژە وە پەیژە سەرکەوێ، ئەوەش بیەوێ ڕاستەوخۆ سەرکەوێت ئەبێ باڵی هەبێت، هەرکەسێکیش وە باڵی خەڵکی بفڕێ ئەنجام هەر ئەکەوێ؟ قسەکانی باوکم وەك دەرزی ئەچزان بە گیانمداو توشی تەنگەنەفەسییان دەکردم، باوکم درێژەی بە قسەکانی داو وتی: ئەوەشی خەو وە باخەڵی تەڕی قەحپەکانەوە ببینێ و بیر لە باوەشی سۆزانییەکان بکاتەوە ئەنجامەکەی لەسەر زبڵدانەکان ئەمرێ! ئای باوکە گەر بزانی چەند بیری باوەشی گەرمی ئەو سۆزانیانە دەکەم، ئەوانەی شەوانە وەك پشیلەیەکی

ڕام و دەستەمۆ لە باوەشیاندا گورپە دەکەم و ئەوانیش دەستی نەرمی بەزەیی و سۆز ئەهێنن بە پشتماو پشیلە مارانەم پێدەکەن. ئەو بەیانییە مەلابانگدان تۆ هەستایت و بە ئاوی ساردی بۆریەکە دەستنوێژت گرت، چووی دوو رکات نوێژ بکەی، بەو شەبەقە ساردە تۆ لەسەر بەرماڵی ئیمان و تەقوا سوژدەت بۆ بینای چاوان ئەبرد، منیش ئەو شەبەقە سوژدەم بۆ ژنێکی سۆزانی ئەبردو لێوەکانیم ئەمژی، تۆ پەنجەی شایەتمانت بەرز ئەکردەوەو لە نوێژی ئەو شەبەقەت بە شایەت ئەگرت، منیش ئەو پەنجەیەم بەرز ئەکردەوەو سەرگۆی مەمکەکانی ئەوم پێ دەگوشی، باوکە ئەوەی من و ئەوەی تۆ فەرقیان چییە، مادامێك هەریەکەمان بڕوامان بە ئیشەکەی خۆمان هەیە؟ وا نەزانی ئەوەی من گوناح و تاوان بێت، یەزدان بە رەحم و بەبەزەییە، دڵی فراوانە، جێگای ئەم کردەوانەی منی بە ئاسانی تێدا دەبێتەوە، دڵێك سەبری بچوکی چڵ ساڵ بێت، قابیلە بە شتێك تورە بێت کە خۆی لە ناخمانا چاندوویەتی؟ ئایا دەروێشان تورە دەبێت؟ لە مەیدانەکەدا تۆفانی پێکەنین و دروشمکێشان هەستا، هەزاران شەبقە بوونە کۆترو بە ئاسمانی مەیدانەکەدا فڕین، ئەو حەشامەتە بە هێلکەی پیس و تاکە قۆندەرە کەوتنە وێزەی باوکم و پۆلیسەکان، باوکم هاواری کرد: کورینە نەموت؟ هەر ئەو وای وت، پۆلیسەکان لە سەربان و کلاوڕۆژنەی قولەکانی دەوری مەیدانەکەوە کەوتنە دەسرێژکردن لەو عالەمە، لە چاوتروکانێدا جۆباری خوێن کەوتەڕێ، دەیان لاشە درێژ داکەوتن، لە میحرابی سەکۆی مەیدانەکە دابەزیم و لە ئاستی لاشەی کوژراوەکاندا سوژدەم برد، کاتێك سەرم بەرز کردەوە دیتم بەرانبەرم لافیتەیەکی گەورە هەڵکراوەو بە قەڵەمی خوێن ئەم شیعرەی لەسەر نوسراوە ( هەر کاروانێ بۆ خۆر بڕوانێ ، کەم بێ یان زۆر ، هەر دەگاتە خۆر) وابزانم دەورووبەری سەعات دەی شەو بوو باوکم بەدەم پێکەنینەوە خۆی کرد بە ماڵدا، کە بە لای ژوورەکەی مندا تێپەڕی لە پەنجەرەکەوە تەماشایەکی نێو ژوورەکەی کرد، کە بینیی من وەك هەموو شەوانی تر بەستراوم بە پەنجەرەکەوە، یەکسەر کوتای بۆ ژوورەکەی دایکم، هەر ئەو کاتانەش بوو کە من هەموو ئەمانەم بە چاوی خۆم بینی.

